## ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی ئەنجامەکانی ڕووپێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان


## لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤

ئەم ڕووپێوە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بە هەماهەنگی و پاڵپشتی تەکنیکی و دارایی بانکی دەولی ئەنجامدرا لە لە ١٥.٧.٢٠٢٣ دەستیپێکرد و لە ١٥.٧.٢٠٢٤ کۆتایی پێهات، خولی یەکەمی ئەم ڕووپێوە IHSES-I لە ساڵی 2007 ئەنجامدرا و خولی دووەمی-IHSES II لە ساڵی 2012 ئەنجامدرا . شایەنی باسە ئەم ڕووپێوە بە یەکێك لە پرۆژە ئامارییە هەرە گرنگەکان دادەنرێت. مەبەست لە ئەنجامدانی ڕووپێوەکە زانینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزانەکانە بەشێوەیەکی گشتی و چەندین بواری جۆراو جۆر لەرێگای پرسیارنامەیەك کە پێکهاتووە لە 25 بەش کە بابەتەکانی (تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی خێزان، پەروەردە، تەندروستی، نیشتەجێبوون، پێوانەکردنی جەستە، کارو بێکاری، ئاسایشی خۆراك، کشتوکاڵ، بەشەخۆراك، داهات و خەرجی تاك و خێزان، قەرز و سولفە، دادپەروەری و ....) لەخۆوە دەگرێت. لەلایەکی ترەوە ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ نوێکردنەوەی و دیاریکردنی هێل و رێژەی هەژاری و لەلایەکی تر پشتی پێدەبەسترێت بۆ نوێکردنەوە و هەژمارکردنی ژمارەپێوانەییەکان.

گرنگترین نیشاندەرەکانی ئەم ڕووپێوە هەژمارکردنی هێل و رێژەی هەژاری، خەرجی و داهاتی تاک و خێزانە کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:

### هەژاری

هێلی هەژاری هەژمارکراو ١٣٧,٠٠٠ دینار بۆ هەر تاکێك لە مانگێك بۆ ساڵی ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤ بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان قەبارەی خێزان پێکهاتووە لە ٥ کەس، واتە ئەو خێزانانە مانگانە ٦٨٥٠٠٠ دینار کەمتر خەرجیان هەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان دەکەونە ژێر هێلی هەژاری.



## خەرجی

تێکڕای خەرجی مانگانە بۆ هەرتاکێك تاك لە خێزان – بەهەزار دینار لە ساڵی ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤

